وەزارەتی کۆچبەرانی عێراق تەرمی دوو کۆچبەری کورد دەگەڕێنێتەوە هەرێمی کوردستان

دەزگای لوتکە بۆ کاروباری ئاوارە و پەنابەران، ئەمڕۆ یەکشەممە 1ـی کانوونی یەکەم بڵاویکردەوە، بەهاوکاری وەزارەتی کۆچبەرانی عێراق تەرمی دوو کۆچبەری کورد بە ناوەکانی نایلە مستەفا و نور کاوەز کە لە ڕووداوی ژێرئاوکەوتنی بەلەمەکەیان لە 2024/11/28دا لە باکووری دورگەی سامۆسی وڵاتی یۆنان خنکان دەگەڕێنرێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان.

چەند ڕۆژێک پێش ئێستا بەلەمێکی کۆچبەران لە باکووری دوورگەی سامۆس لە دەریای ئیجە ژێر ئاو کەوت کە بەهۆیەوە چوار کۆچبەر گیانیان لەدەستدا کە دوان لەوانە خەڵکی هەرێمی کوردستانن و دوو کۆچبەرەکەی دیکە خەڵکی وڵاتی ئەفغانستان بوون.